سودانی بەدواداچوون بۆ میکانیزمەکانی پاڕێپشتیکردنی بانکەکان لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ژێرخان و گەشەپێدان دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی سەرکایەتی کۆبوونەوەیەک کرد بۆ بەدواداچوون بۆ میکانیزمەکانی پاڕێپشتیکردنی بانکەکان لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ژێرخان و گەشەپێدان

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە بەاویکردەوە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ گفتوگۆکردن و بەدواداچوون لەسەر میکانیزمەکانی وەبەرهێنانی ئاسانکاریی بانکییەکان لە پاڕێپشتیکردنی تەواوکردنی ژێرخانی و پرۆژەکانی گەشەپێدان کە لە سەرتاسەری عێراقدا جێبەجێدەکرێن.

وتیشی لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی پێشکەوتنەکان کرا کە لە چاکسازی سیستەمی بانکیدا بەدەست هاتوون و کردنی بە ئامرازێک بۆ پشتگیریکردنی گەشەپێدان و فراوانکردنی چالاکییە بانکییەکان لە چوارچێوە و کۆنترۆڵکردنی پراکتیکەکانی بانکی دانپێدانراوی جیهانیدا.

لەبەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا باس لە وەبەرهێنانی گونجاو لە سامانی عێراق کرا، لە ڕێگەی ئاسانکاریی بانکییەکانەوە بۆ پرۆژەی وەبەرهێنانی ستراتیژی و پرۆژەی ژێرخانی بنەڕەتی، بەتایبەتی

ئەوانەی پەیوەندییان بە وزەوە هەیە، وەک پەژکانی نەوت و گاز و کارەبا.